# **ئاگادارکردنەوە بۆ هەموو ئەو کەسانەی لە ڕاگرتنی کۆچبەریی ئوسترالی بوون لە 31 جانیوەریی 2014**

## **ئەمە ئاگادکردنەوەیەکی گرنگە کە ڕەنگە کاریگەری بکاتە سەر مافەکانت.**

**ئەم ئاگادارکردنەوەیە بە چەندین زمانی جیاواز بەردەستە لە:** www.immigrationdatabreach.com.au

| | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| عەرەبی | ئازەربایجانیی باکوور | بەنگالی | بەرمێسی | کانتۆنیسی | دەری | هازاراگی |
| هیندی | ئیندۆنیسی | کوردی (کرمانجی) | کوردی (سۆرانی) | ماندەرەی | پەشتۆ | فارسی |
| پونجابی | سینهاڵیسی | سەلهێتی | تامیل | ئەردو | ئۆزبەکی | ڤێتنامی |

## 1 ئەم ئاگادارکردنەوەیە دەربارەی چییە؟

*پاشخانێک بۆ پێشێلکردنید داتا*

1.1 ئەم ئاگادارکردنەوە *(notice)* پەیوەندیی بە پێشڵیکردنی داتاوە هەیە کە لە ڕێگەی ماڵپەڕی Department of Immigration and Border Protection ڕوویدا، کە ئێستا ناونراوە Department of Home Affairs (**بەش**).

1.2 لە 10 فێبرورەیی 2014 خشتەیەک لەسەر ماڵپەڕەکە بڵاوکرایەوە لە زانیاریی کەسیی نزیکەی 9000 کەسی تێدا بوو.ئەو کەسانە لە خانەکانی ڕاگرتنی کۆچبەران یان خانەکانی ڕاگرتنی دیکە بووم.ئەو خشتەیە نەدەبوو لەسەر ماڵپەڕەکە بلاو بکرێتەوە.ئەوە ڕووداوێک بوو.بڵاوکردنەوەی بەڕێکەوتیی زانیاریی کەسی، وەک ناو و ناونیشانت، پێی دەوترێت پێشێلکردنی داتا (*Data Breach*).

1.3 زانیارییە کەسییەکان لە ماڵپەڕی بەشەکە لە 19 فێبروەریی 2014 لابران و لە نوسخەی مێژوویی ماڵپەڕی بەشیش لابران لە 27 فێبروەریی 2014.

*سکاڵا لای Office of the Australian Information Commissioner کرا*

1.4 لە 30 ئۆگەستی 2015، سکاڵایەک بە ناوی هەموو ئەو کەسانەی بەهۆی پێشێلکردنی زانیاریەکان زیانیان پێگەیشتبوو برایە لای Office of the Australian Information Commissioner (**OAIC**).ڕێگەپێراوی زانیاریی ئۆسترالیا لیکۆلینەوەی لە سکاڵاکە کرد.

1.5 لە 24 جانیوەریی 2018، OAIC ئاگادارکردنەوەیەکی باڵاوکردەوە (وەک ئەمە) بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە ڕەنگە بەهۆی پێشێلکردنی زانیاریی (یەکەم ئاگادارکردنەوە) زیانیان پێگەیشتبێت.ئاگادارکرنەوەی یەکەم داوای زانیاریی دەکرد دەربارەی کاریگەریی پێشێلکردنی داتاکە.

1.6 لە 11 جانیوەریی 2021، ڕێگەپێدراوی زانیاریی ئوسترالی بڕیاری دا کە:

(1) لە ئەنجامی پێشێلکردنی داتا، بەشەکە دەستوەردانی کردەوە لە تایبەتمەندێتیی ئەو کەسانەی بەهۆی پێشێلکردنی داتا زیانیان بەرکەوتووە؛ و

(2) ئەو کەسانەی بەهۆی پێشێلکردنی زانیاری زیانیان بەرکەوتووە مافی ئەوەیان هەیە قەرەبوو وەربگرن لەپای ئەو زیان یان زەرەرەی لە ئەنجامی پێشێلکردنی داتا تووشیان بووە.

1.7 بڕیاریی ڕێپێدراوی زانیاریی ئوسترالی لە .Administrative Appeals Tribunal (**AAT**) تانەی لێ درا.لە 13 سێپتێمبەری 2023، AAT پرۆسەیەکی نوێی دیاری کرد کە ئەو کەسانەی پێشێلکردنی داتا زیانی پێ گەیاندنبوون بە هەڵسەنگاندن قەرەبوو وەربگرن.بەم پرۆسەیە دەوترێت بەرنامەی هەڵسەنگاندنی قەرەبوو *(Compensation Assessment Scheme)*.


© Norton Rose Fulbright Australia

بەرنامەی هەڵسەنگاندنی قەرەبوو(Compensation Assessment Scheme)

1.8 بەپێی بڕیارەکەی AAT، ناوەندی یاسایی Norton Rose Fulbright Australia (**NRFA**) دیاریکرا بۆ ئەوەی سەربەخۆیانە هەڵسەنگاندن بۆ ئەو قەرەبووانەبکات کە دەدرێت بەو کەسانەی بەهۆی پێشێلکردنی داتاوە کاریگەرییان کەوتووەتە سەر.

1.9 ئەم ئاگادارکردنەوەیە هەنگاوی یەکەمی بەرنامەی هەڵسەنگاندنی قەرەبووە.

## 2 دەبێت چی بکەم؟

2.1 ئەگەر هیچ زیان یان زەرەرێکت بەهۆی پێشێلکردنی داتاکان پێنەگەیشتووە، شمولی هیچ قەرەبوویەک ناکەیت.ئەو کاتە پێویستت بە وەڵامدانەوەی ئەم ئاگادارکردنەوەیە نیە.

2.2 ئەگەر بڕوات وایە بەهۆی پێشێلکردنی داتا تووشی زەرەر و زیان بوویت، یان ئەگەر دڵنیا نیت، و حەزدەکەیت بەپێی بەرنامەی هەڵسەنگاندنی قەرەبوو داوای قەرەبوو بکەیت، دەبێت وەڵامی ئەم ئاگادارکردنەوە بدەیتەوە بە پڕکردنەوەی فۆرمی وەڵامدانەوەی ئۆنلاین (***Response Form***) کە لەم لینکە بەردەستە:**www.immigrationdatabreach.com.au**

تکایە لە خوارەوە پەرەگرافی 6 ببینە بۆ نموونەکانی زەرەر و زیان.

2.3 ئەگەر بڕوات وایە تووشی زەرەر و زیان بوویت بەهۆی پێشێلکردنی داتا بەڵام ناتەوێت بەشداریی لە بەرنامەی هەڵسەنگاندنی قەرەبوو بکەیت، دەبێت لە وەڵامدانەوەی ئەم ئاگادارکردنەوەیە بکشێیتەوە.فۆرمی وەڵامدانەوە ڕێگەت پێدەدات بژاردەی *opt-out* هەڵبژێریت.تکایە پەرەگرافی 3 لە خوارەوە ببینە بۆ زانیاریی زیاتر دەربارەی دەرئەنجامەکانی کشانەوە لە بەرنامەی هەڵسەنگاندنی قەرەبوو.

2.4 ئەو زانیاریانەی لە فۆرمەکەدا دەیاندەیت دەنێردرێن بۆ NRFA.ئەگەر دەستت بە ئینتەرنێتی متمانەپێکراو ناگات، دەتوانیت نوسخەیەکی کاغەز لە فۆرمی وەڵامدانەوە پڕبکەیتەوە و وەڵامەکەنەت بە پۆستە بنێریت بۆ
Compensation Assessment Scheme, Norton Rose Fulbright Australia,
Level 6,60 Martin Place, SYDNEY, NSW 2000.
تکایە داوای نوسخەیەکی کاغەزی فۆرمی وەڵامدانەوە داوا بکە بە پەیوەندیکردن بە NRFA بە ئیمێڵ لە ڕێگەی auscas@nortonrosefulbright.com یان بە تەلەفۆن بە ژمارە 8006 9330 (02).

2.5 دەبێت تا 4 دوای نیوەڕۆی 10 جونی 2024 (دوا وادە) وەڵامەکان پێشکەش بکەیت.دەتوانیت داوای درێژکردنەوە بکەیت، بەڵام گەرەنتیکراو نیە کاتەکەت بۆ درێژ دەکەنەوە.

2.6 هەموو داواکاریەکان بۆ کاتی درێژکردنەوە دەبێت بە ئیمێڵ بنێردرێت بۆ auscas@nortonrosefulbright.com یان بە پۆستی تۆمارکراو بۆ
Compensation Assessment Scheme, Norton Rose Fulbright Australia,
Level 6, 60 Martin Place, SYDNEY, NSW 2000.
دەتوانیت داوای درێژکردنەوەی کات بکەیت بە پەیوەندیکردن بە NRFA بە تەلەفۆن بە ژمارە 8006 9330 02.

2.7 **ئەگەر وەڵامی ئاگادارکردنەوەی یەکەمت نەدایەوە و تا دوا واتە وەڵامی ئاگادارکردنەوەکەت نەدایەوە (و درێژکردنەوەی دوا دواتەت پێشکەش نەکرا)، هیچ قەرەبوویەک بۆ هەر زەرەر و زیانێک وەرناگریت کە ڕەنگە لە ئەنجامی پێشێلکردنەکەی داتا تووشی بوویت.**

## 3 مانای چیە کە لە بەرنامەی هەڵسەنگاندنی قەرەبوو 'بکشێیتەوە'؟

3.1 تکایە ئاگادار بە ئەگەر بەپێی بەرنامەی هەڵسەنگاندنی قەرەبوو، وەرەبوو وەربگریت، هەموو مافەکانت بۆ هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی قەرەبووی پێشێلکردنی داتا بە هەر ڕێگایەکی دیکە (بە لەخۆگرتنی ڕێکاری یاسایی دادگا) کۆتاییان دێت.

3.2 چونکە بەرنامەی هەڵسەنگاندنی قەرەبوو ئامانجی ئەوەیە داواکاریەکەت هەڵبسەنگێنێت و دواتر کۆتایی بە هەر ناکۆکیەک بهێنێت لە نیوان تۆ و بەشەکە.

 © Norton Rose Fulbright Australia

3.3 ئەگەر حەزدەکەیت بەدوای مادە یاساییەکانت بچیت بە دەرەوەی بەرنامەی هەلسەنگاندنی قەرەبوو، دەبێت لە بەرنامەی هەلسەنگاندنی قەرەبوو بکشێیتەوە بە وەڵامدانەوەی ئەم ئاگادارکردنەوە و هەڵبژاردنی 'کشانەوە' لە فۆرمی وەڵامدانەوە.پێش ئەوەی بریار بدەیت بکشێیتەوە، هانت دەدەین ڕاوێژیی یاسایی وەربگریت دەربارەی بریارەکە، بە لەخۆگرتنی تێچوو و زەحمەتییە پەیوەندیدارەکانی داوا تۆمارکردن، بە لەخۆگرتنی ئەوەی چەند کات تێپەڕیوە تا لە دەرەوەی بەرنامەی هەلسەنگاندنی قەرەبوو داواکاری تۆمار بکەیت.

## 4 پێشتر لە وەڵامی ئاگادارکردنەوەی یەکەم زانیاریت داوە؟

4.1 ئەگەر لە وەڵامی ئاگادارکردنەوەی یەکەم زانیاریت داوە، زانیاریەکە ڕەچاو دەکرێت کاتێک NRFA هەڵسەنگندن بۆ ئەو قەرەبووانە دەکات کە ڕەنگە شموولیان بکەیت.پێویست ناکات دووبارە هەمان زانیاری بدەیتەوە.

4.2 ئەگەر دەتەوێت گۆڕانکاریی دەربارەی زانیاریەکان یان زانیاریی دیکە لە وەڵامی ئەم ئاگادارکردنەوەیە بدەیت، پێوویستە تا دوا دواتەکە ئەو زانیاریانە بنێریت.

## 5 چی ئەگەر وەڵامی یەکەم ئاگادارکردنەوەم نەدایەوە؟

5.1 ئێستا دەرفەتی زیاترت هەیە زانیاریی گرنگ بدەیت بە NRFA.

5.2 سەرەڕای ئەوە، دەبێت ڕوونی بکەیتەوە بۆچی وەڵامی ئاگادارکردنەوەی یەکەمت نەداوەتەوە.NRFA دواتر هەڵسەنگاندن دەکات تا بزانێت شموولی ئەوە دەکەیت بەشداری لە بەرنامەی هەلسەنگاندنی قەرەبوو بکەیت یان نا.

5.3 ئەو زانیاریانەی ڕەنگە پەیوەندیدار بن بەوەی بۆچی وەڵامی ئاگادارکردنەوەی یەکەمت نەداوەتەوە ڕەنگە ئەمانە لەخۆبگرن:

(1) بەڵگەی ئەوەی وەڵامی ئاگادارکردنەوەی یەکەمت نەداوەتەوە:

(2) بەڵگەی ئەوەی وەڵامەکانت بەشێوەیەکی گونجاو لە لایەن OAIC وەرنەگیراون:

(3) ئیفادەیەکی نووسراو ڕوونی بکاتەوە کە بۆچوونێکی هەڵەت هەبووە کە شموولی قەرەبوو ناکەیت؛

(4) ئیفادەیەکی نووسراو ئەوە ڕووبکاتەوە کە تێنەگەیشتوویت یان نەتزانیوە چۆن وەڵامی ئاگادارکردنەوەی یەکەم بدەیتەوە؛ یان

(5) ئیفادەیەکی نووسراو بارودۆخەکانی دیکە ڕوون بکاتەوە (بە لەخۆگرتنی نەخۆشی، کێشەی دارایی، یان بەرپرسیارێتیی بەخێوکردن بەرامبەر ئەندامانی خێزان) کە ڕێگر بوون لەوەی وەڵامی ئاگادارکردنەوەی یەکەم بدەیتەوە.

## 6 چی جۆرە زەرەر و زیانێک دەتوانم قەرەبووی لە بەرامبەردا لەسەر وەربگرم؟

6.1 بەرنامەی هەلسەنگاندنی قەرەبوو دەتوانێت قەرەبووت بکاتەوە بۆ:

(1) زەرەر و زیانی ئابووری (***Economic Loss***)؛ و

(2) زەرەر و زیانی نائابووری (***Non-Economic Loss***)؛ و

6.2 بەرنامەی هەلسەنگاندنی قەرەبوو دەتوانێت تەنها بۆ زیانە ئابوور و زیانە نائابووریەکان قەرەبووت بکاتەوە کە بەهۆی پێشێلکردنی داتا تووشت بوون.بەرنامەی هەلسەنگاندنی قەرەبوو ناتوانێت بۆ هەر زیانیکی دیکە قەرەبووت بکاتەوە کە بەهۆی پێشێلکردنی داتا تووشت بووە.


© Norton Rose Fulbright Australia

زیانی ئابووری

6.3 زیانی ئابووری واتە ئەو زیانانەی تووشت بوونە، وەک ئەو پارانەی خەرجت کردوون (خەرجیی باخەڵ) یان ئەو داهاتەی وەرتنەگرتووە (لەدەستدانی داهات) کە بەهۆی پێشێلکردنی داتا تووشت بووە،ڕەنگە ئەمانە لەخۆبگرێت:

(1) هەر تێچوویەکی پزیشکی لە باخەڵی خۆت کە بەهۆی پێشێلکردنی داتاکان ڕوویان داوە.ڕەنگە تێچووەکانی پەیوەندیدار بە ئەمانەیش بگرێتەوە:

(a) ڕاوێژ لەگەڵ پزیشک؛

(b) داودەرمان و چارەسەر؛ و

(c) ڕاپۆرتی پزیشکی؛

(2) هەر لەدەستدانێکی داهات کە نەتوانیبێت لە ئەنجامی پێشێلکردنەکەی داتا کار بکەیت؛ و

(3) هەر تێچوویەکی پزیشکی لە باخەڵی خۆت کە بەهۆی پێشێلکردنی داتا ڕوویانداوە بە لەخۆگرتنی:

(a) تێچووەکانی پەیوەندیدار بە هەر سکاڵایەکی پێشوتر کە پێشکەشی OAIC کرابێت یان وەڵامدانەوەی ئاگادارکردنەوەی یەکەم لە ئەنجامی پێشێلکردنی داتا؛ و

(b) تێچووەکان بۆ پاراستنی شووناسی خۆت لە ئەنجامی پێشێلکردنەکانی داتا.

زیانە نائابووریەکان

6.4 زیانە نائابووریەکان ئەو زیانانە دەگرنەوە کە سروشتێکی داتاییان نیە (بە واتایەکی دیکە، هیچ زیانێکی ئابووری ناگرێتەوە).زیانە نائابووریەکان دەکرێت ئەمانە لەخۆبگرن:

(1) هەستکردن بە قەلەقی، فشار، ترس، تووڕەیی، ئازار و ناڕەحەتی، سووکایەتی یان شەرمەزاری؛

(2) نیشانە جەستەیی و دەروونیەکان لە ئەنجامی پێشێلکردنی داتا، وەک لەدەستدانی خەو یان سەرئێشە؛ و

(3) دۆخە پزیشکیەکان کە بەهۆی پێشێلکردنی داتا دەرکەوتن یان خراپتر بوون، بە جۆرێک لە لایەن پزیشکەوە دەستنیشان کرابێت.

## 7 دەبێت چی جۆرە زانیارییەک بدەم بە NRFA؟

7.1 فۆرمی وەڵام داوات لێ دەکات زانیاریی دیاریکراو بدەیت.هەروەها بژاردەی ئەوەت دەبێت بەڵگەی زیاتر بخەیتە ڕوو بۆ پاڵپشتیکردنی داوای قەرەبووەکەت.

7.2 NRFA ڕەچاوی چەندین بەڵگەی جۆراوجۆر دەکات لە کاتی هەڵسەنگاندنی مافەکانت بۆ قەرەبوو بۆ زیانە ئابووری و نائابووریەکان.

7.3 نموونەی جۆرەکانی بەڵگە کە دەتوانیت پێشکەشی بکەیت وەک ئەمانەی خوارەوەن:

بەڵگەی پاڵپشتیکردنی زیانە ئابووریەکان

(1) ڕەچەتە و تۆمارەکانی دیکەی خەرجیی باخەڵی خۆت کە لە ئەنجامی پێشێلکردنی داتا تووشت بوون.بۆ نموونە، ڕەچەتەکانی:

(a) دیدارە پزیشکییەکان لە ئەنجامی پێشێلکردنی داتا؛

(b) ڕاپۆرتی ئامادەکراو لە لایەن پزیشک لە ئەنجامی پێشێلکردنی داتا؛


© Norton Rose Fulbright Australia

(c) ئەو خەرجیانەی هاتووەتە سەر شانت (وەک کارمەندی یاسایی) سەبارەت بە هەر سکاڵایەکی پێشتر کە پێشکەشی OAIC ت کردووە دەربارەی پێشێلکردنی داتا یان کاتێک وەڵامی ئاگادارکردنەوەی یەکەمت داوەتەوە لە ئەنجامی پێشێلکردنی داتا؛ و

(d) تێچووەکانی دیکە بۆ پاراستنی شووناسی خۆت لە ئەنجامی پێشێلکردنەکانی داتا.

(2) پسووڵەی پارە وەرگرتن، نامەی خاوەن کارەکەت، بڕوانامەی پزیشکی یان بەڵگەنامەکانی دیکە کە بەڵگەی ئەوەن هەر جۆرە داهاتێکت لەدەست داوە چونکە بەهۆی پێشێلکردنی داتا نەتتوانیوە کار بکەیت؛ و

(3) بانگەوازنامەی واژۆکراوی یاسایی یان ئیفادەی خۆت، ئەندامی خێزانەکەت یان هەر کەسێکی نزیکی دیکەت کە باسی زیانە ئابووریەکان بکات کە بەهۆی پێشێلکردنی داتا تووشت بووە.

<u>بەڵگەی پاڵپشتیکردنی  زیانە نائابووریەکان</u>

(1) بانگەوازنامەی واژۆکراوی یاسایی یان ئیفادەی خۆت، ئەندامی خێزانەکەت یان هەر کەسێکی نزیکی دیکەت کە باسی کاریگەریی پێشێلکردنی داتا بکات لەسەر تۆ، بە لەخۆگرتنی ئەوەی چۆن کاری کردووەتە سەر لەشساغیی جەستەیی یان دەروونیت' و

(2) ڕاپۆرت، تۆمار و بڕوانامەی پزیشک کە باسی ئەمانە بکات:

(a) هەر دۆخێکی پزیشکی کە بەهۆی پێشێلکردنی داتا لە تۆدا دەرکەوتووە یان خراپتر بووە؛

(b) هەر ڕاوێژێک لەگەڵ پزیشک ئەنجامت داوە لە ئەنجامی پێشێلکردنی داتا؛ و/یان

(c) هەر چارەسەرێک لە ئەنجامی پێشێلکردنەکانی داتا وەرتگرتوون.

## 8 دەتوانم بە تەلەفۆن وەڵام ئاگادارکردنەوەکە بدەمەوە؟

8.1 لە کاتێکدا وەڵامەکەت باشتر پرۆسێس دەکرێت ئەگەر بە فۆڕمی ئۆنلاین وەڵام بدەیتەوە (بەردەستە لە)**www.immigrationdatabreach.com.au**، مافی ئەوەیشت هەیە بە تەلەفۆن وەڵامی ئەم ئاگادارکردنەوەیە بدەیتەوە.

8.2 تکایە پەیوەندی بکە بە NRFA لە ڕێگەی 8006 9330 (02)

## 9 وەرگێڕی شارەزا

9.1 ئەم ئاگادارکردنەوەیە بە چەندین زمانی جیاواز بەردەستە.تکایە بگەڕێرەوە بۆ ئەو لینکەی لە سەرەتای ئەم فایلەدایە.

9.2 هەروەها مافی ئەوەت هەیە بەو زمانەی خۆت دەتەوێت وەڵامی ئەم ئاگادارکردنەوەیە بدەیتەوە.تکایە لە ڕێگەی 8006 9330 (02) یان auscas@nortonrosefulbright.com. کە و داوای هاوکاری بکە بۆ وەرگێڕێکی لێهاتوو.

## 10 مافی وەرگرتنی هاوکاریی داراییم هەیە بۆ ئەوەی بتوانم وەڵامی ئەم ئاگادارکردنەوەیە بدەمەوە؟

10.1 بەڵێ.مافی ئەوەت هەیە داوای تا 500$ بکەیت بۆ تێچووەکانی ئەو هاوکاریانەی لە لایەن کارمەندی یاسایی پێشکەش دەکرێت بۆ ئەوەی لە ئامادەکردنی وەڵامی ئەم ئاگادارکردنەوەیە یارمەتیت بدات.ئەو یارمەتییە داراییە دەکرێت لە ڕێگەی فۆرمی وەڵامدانەوە داوا بکرێت.


© Norton Rose Fulbright Australia

10.2 هەروەها پێویست ناکات پارەی ئەو خزمەتگوزاریی وەرگێڕانە بدەیت لە لایەن کارگێڕی بەرنامەکە لە ماوەی بەشداریت لە بەرنامەی هەڵسەنگاندنی قەرەبوو دابین دەکرێت (بە لەخۆگرتنی وەرگرتنی نوسخەی وەرگێڕدراوی ئاگادارییەکە و فۆڕی وەڵامەکان).

## 11 پرسیار و هاوکاری

11.1 ئەگەر پێویستت بە یارمەتییە لە وەڵامدانەوەی ئەم ئاگادارکردنەوە یان هەر پرسیارێکت هەیە، تکایە پەیوەندی بکە بە NRFA لە ڕێگەی 8006 9330 (02) یان auscas@nortonrosefulbright.com

## 12 تایبەتمەندێتییەکانت

12.1 تایبەتمەندێتییەکانت گرنگن بۆ NRFA.NRFA خۆی مامەڵە لەگەڵ زانیارییە کەسییەکانت دەکات بەپێی *Privacy Act 1988* (Cth)، بە لەخۆگرتنی بنەماکانی تایبەتمەندێتیی ئوسترالی.

12.2 بەپێی ئەو فەرمانانەی لە لایەن Administrative Appeals Tribunal, NRFA لە لایەن Department of Finance دیاریکراوە بۆ ئەوەی سەربەخۆیانە ئەو قەرەبووانە بخەمڵێنێت کە بەپێی بەرنامەی هەڵسەنگاندنی قەرەبوو دەدرێن.NRFA زانیارییەکانت بۆ ئەو مەبەستە کۆدەکاتەوە، بەکاریاندەهێنێت و ئاشکرایان دەکات.سەرەڕای کۆکردنەوەی زانیارییە کەسییەکان لە تۆ، NRFA هەروەها زانیارییە کەسییەکانی تۆ لە OAIC و بەشەکە وەردەگرێت.

12.3 ئەگەر NRFA نەتوانێت زانیارییە کەسییەکانت کۆبکاتەوە، NRFA ناتوانێت هەڵسەنگاندن بۆ داوای قەرەبووەکەت بکات.

12.4 کاتێک NRFA داواکەت هەڵدەسەنگێنێت، NRFA پێویستی بەوەیە زانیارییە کەسیەکانت لەگەڵ Department of Home Affairs و Department of Finance هاوبەشی پێ بکات.ئەمە یارمەتیی بەشەکان دەدات تێبگەن و وەڵامی داواکەت و هەڵسەنگاندنەکانی ئێمە بدەنەوە.NRFA ڕەنگە پێویستی بەوەیش بێت زانیارییە کەسییەکانت لەگەڵ ڕاوێژکارانی سەربەخۆ هاوبەشی پێ بکات، وەک پسپۆڕە پزیشکی و یاساییەکان.

12.5 ڕەنگە زانیارییە کەسیەکانت لەگەڵ ستافەکەمان و بەڵێندەرەکانمان هاوبەشی پێ بکەین کە یارمەتیمان دەدەن تەکنەلۆژیای زانیارییەکانمان بە ڕێوە ببەین کە بۆ هەڵگرتنی زانیارییە کەسییەکانی تۆ بەکاریان دەهێنین.هەندێک لەو ستاف و بەڵێندەرانە ڕەنگە لە دەرەوەی ئوسترالیا بن، وەک شانشینی یەکگرتوو.

12.6 سیاسەتی تایبەتمەندێتیی NRFA زانیاریی تێدایە کە چۆن دەتوانیت دەستت بە زانیارییە کەسیەکانت بگات کە ئێمە دەربارەی تۆ هەڵمانگرتووە، وە هەوڵی ڕاستکردنەوەی زانیارییەکانت بدەیت.سیاسەتی تایبەتمەندێتی هەروەها زانیاریی تێدایە کە چۆن دەتوانیت سکاڵا تۆمار بکەیت دەربارەی پێشێلکردنی بنەماکانی تایبەتمەندێتیی ئوسترالی، و چۆن NRFA مامەڵە لەگەڵ ئەو سکاڵایەنە بکات.دەتوانیت لە ماڵپەری NRFA سیاسەتی تایبەتمەندێتیی ئەوان ببینیت: https://www.nortonrosefulbright.com/en-au/global-statements/privacy-notice

12.7 سیاسەتەکانی تایبەتمەندێتیی Department of Home Affairs و Department of Finance هەمان جۆرە زانیارییان تێدایە.

- Department of Home Affairs: https://www.homeaffairs.gov.au/access-and-accountability/our-commitments/privacy
- Department of Finance: https://www.finance.gov.au/about-us/privacy-policy-summary

12.8 ئەگەر هەر ڕپسیارێکت هەیە دەربارەی ئەو زانیارییە کەسیانەی کۆیان دەکەینەوە و چۆن مامەڵە لەگەڵ زانیارییەکانت دەکەین، بە لەخۆگرتنی ڕاستکردنەوەی ئەو زانیارییە کەسیانەی پێشکەشت کردوون، تکایە پەیوەندی بکە بە Norton Rose Fulbright Australia لە auscas@nortonrosefulbright.com یان 8006 9330 (02).


© Norton Rose Fulbright Australia